کشتوکاڵ: نزیکەی 100 ملیۆن پەنجە ماسی کارپ و چەندین جۆری دیکە خراونەتە دەریاچەکانەوە

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق سەدان ملیۆن پەنجە ماسیی بۆ پاڵپشتیکردنی سامانی ماسی بۆ سەرجەم بەنداو و دەریاچەکان ڕاگەیاند، هاوکات بۆیاری قەدەغەکردنی راوەماسی بۆ پاراستنی کێگای ماسی دیاریکرد.

وەلید محەمەد رەزوقی بەڕێوەبەری گشتیی بەشی سامانە ئاژەڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند، "نزیکەی 100 ملیۆن پەنجە ماسی کارپ و چەندین جۆری دیکە خراونەتە دەریاچەکانەوە، جگە لەوەش نزیکەی پێنج هەزار و 400 پەنجە ماسی وەك قاوەیی، کۆتان، و شەبوت خراونەتە ناو دەریاچەی بەنداوی حەدیسەوە.
ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو ڕێکارانەی گیراونەتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ڕاوکردنی ماسی نایاسایی بریتین لە دەرکردنی نوسراوێك بۆ قەدەغەکردنی ڕاوکردنی ماسی لە وەرزی زاوزێکردندا کە لە 15ی (شوباط/2)ەوە تا 1ی (تەممووز/7) درێژدەبێتەوە، لە ناوچە تایبەتەکاندا، ئەمە جگە لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ دڵنیابون لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە و پاراستنی کێگاکانی ماسی دیاریکراون".